# بابە! دایە!

سیروان کاروانی

بابە! دایە!
قەدەرێکە خەوم نایە
لەسەر کۆڵان پێیان گوتم:
بۆ هێندە گەرووت پەنمایە
منیش گوتم: باوانم نەمایە
خێڵی بن عوربان دەزانن
دارلاستقەکەشم ئەنفالکرایە
عەلەی عۆجە دەزانێ
خوشکم لە کۆێ نێژرایە
زەریای ئیجە دەزانێ
کاکیشم لەوێ خنکایە.

بابە! دایە!
کەیفم هیچ بە ڕۆژ نایە
من شەوم لەلا چرایە
ئاخر ڕۆژان هەڵدەکڕوزێم
شەوان ئێوەم لەلایە
تا لە بۆنتان تێر دەبم
سەرم لە باوەشتاندایە.

ڕاستی بابە!
ڕۆژەکان زۆرن,
هەر لە وڵاتی ئێمە وایە؟
ئاخر دایە!
شەوەکان ئێسکسووکن,
لەبەرچی وایە؟

هۆ بابە! دایە!
مەعز بۆ ئەو خوایە
دە توخوا
بە ڕۆژیش وەرنە ئەملایە
ئاخر من ئێستا بێ ئێوە
خەوم نایە! خەوم نایە!